# ڕێبەری

# پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان

دانا دارا حسین

ڕاویژکاری پەرلەمانی کوردستان

هەولێر

٢٠١٨

## بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

## پێشەکی

لە دیارترین دەسکەوتەکانی مێژوو و شارستانی مرۆڤایەتی بریتی بوو لە بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتری، کە هەریەك لە دەسەلاتەکانی ( یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری )ن، کە پێشتر یەك دەسەلات بون و بەیەکدا چوبون و سروشتی هەریەکەیان دیار نەبوو.

کاتێك باس لەو دەسەلاتانە دەکرێت کەلە دەستوردا ئاماژەیان پیٚ کراوە ئەوا ڕاستەوخۆ دەبینرێت کە ئەم دەسەلاتانە دابەش کراون بۆ سیٚ دەسەلات کە مەبەست لە دەسەلاتی یاسادانان پەرلەمانە[1]، بەلام لەبەر ئەوەی چالاکی و رۆلی پەرلەمان زیاتر لە بواری پەسەندکردنی یاساکان بەدیار دەکەوێت هەربۆیە دەبینرێت ناوی دەسەلاتی یاسادانان لە پەرلەمان نراوە ، سەرباری ئەوەی کەنازناوی پەرلەمان گشتگیر ترە.

بەواتایەکی تر پەرلەمان هەلناسیٚ بە دارشتن و پەسەندکردنی یاسایەك کەلە بەرژەوەندی و پێداویستی رۆژانەی هاولاتیان نەبێت ، بەلکو پێداویستیەکانی ژیانی هاولاتیانە وا لە پەرلەمان دەکات یاسایەك پەسەند بکات یان لە هەندێك کاتی دیکە خودی ئەم یاسایانە هەموار بکاتەوە بەپێی پێداویستی و گۆرانکاریەکانی ژیان[2].

دەسەلاتی یاسادانان لە ریزبەندی یەکەمی دەسەلاتەکانی دیترەوە دێت ، بەشێوەیەك لە ولاتێکی وەك بەریتانیا توێژەران دەلێن کە پەرلەمان ئەوەندە دەسەلاتی هەیە هەر رەگەزی مرۆڤەکان ناتوانێت بگۆرێت ئەگینا دەتوانێت زۆر کاری گەورە بکات.

پەرلەمان لەروی زاراوەییەوە بریتیە لە دەستەیەکی تەشریعی کە دەسەلاتی یاسادانان پێك دێنێت و لە کۆمەلێك خەلك پێك دێت کە بە سیستەمی نوێنەرایەتی هەلدەبژێردرێن لەلایەن ئەو هاولاتیانەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە و ناویان لە تۆماری هەلبژاردنەکاندا هاتوە .

پەرلەمانی کوردستان پێك دێت لە یەك ئەنجومەن و ئەندامەکانی پێك دێت لە (١١١) ئەندام[3] کە بۆ خولێکی ٤ سالی بە هەلبژاردنی لیستی نیمچە کراوە هەلدەبژێردرێن بە سیستەمی رێژەیی یەك بازنەیی[4] .

ئەرك و دەسەلاتەکانی ئەم دامەزراوەیە وەك لە یاساکەیدا هاتوە[1]پەیویستە وەك ئەرکێك جێبەجیٚ ی بکات بریتین لە چەند ئەرکێك کە دیارترینیان بریتیە لە یاسادانان .

---

[1] لە هەندێك شوێن ناوی تر بۆ پەرلەمان بەکاردێت لەوانە:کۆنگرێس ،ئەنجومەنی گەل،ئەنجومەنی نیشتمانی ،هتد .

[2] د.بختیار غفور بالکی، پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ٢٠١٣، ل٥١.

[3] ماددەی یەکەم لە یاسای هەلبژاردنی بەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە١ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراو

[4] ماددەی دوەمی هەمان یاسا .

**بەلاَم نابێت ئەو ڕاستیەش نادیدە بگرین کە دارِشتنی یاساکان ئەرکی هەموو کەسێك و لە توانای هەموان نییە کە ئەم کارە بکەن تەنانەت ئەگەر شارەزای یاسا و زمانیش بێت ، چونکە هونەری دارِشتنی یاسایی لە ڕێگەی ئەزمونی کەڵەکەبوو و پسپۆڕی و زمانی تەشریعی و هەبونی توانای دارِشتنی دەقەوە وەدی دێت .**

**ئەم ڕێبەرەی بەردەستان بەڵگەنامەیەکی گرنگ و نوسراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تابەهۆیەوە بەباشترین شێوە پرشۆسەی یاسادانان لە پەرشلەماندا بەرێوەبەرن ، لە هەمان کاتدا ئەم ڕێبەرە تەنها هەردوو شێوەکەی تەشریع لە پەرلەماندا باس دەکات کە ئەوانیش (یاسا و بریارەکان) ن، هەروەها تەنها خەسڵەتەکانی پێشنیاری یاسا باس دەکات نەك پرۆژەی هاتوو لە حکومەتی هەرێمەوە .**

*ئامانجەکانی نوسینی ئەم ڕێبەرە [2]:

**١. دانانی میکانیزم و ڕێبەری کردنی تواناکانی دارِشتنی یاسایی لەلای ئەندامانی پەرلەمان لەپرۆسەی نوسینی پێشنیار و پرۆژە یاساکان .**

**٢. زمانی یاسایی و ڕونی و سەلامەتی نوسینەوەی یاساکان ،وادەکات کە جێبەجێکردنی دروستیان بۆ بکرێت .**

**٣. بەشداری دەکات لە گەشەپێدانی کای پەرلەمانی ،لەگەڵیدا گەیشتن بە حوکمڕانێتی ڕەشید.**

---

[1] **ماددەی ٥٦ لە یاسای هەلبژاردنی بەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی سالی ١٩٩٢ی هەموار کراو**

[2] دليل الصياغة التشريعية ، اصدار مجلس النواب العراقي ،ل١٥

## باسی یەکەم

## وەزیفەی یاسادانان

### مەبەستی یەکەم : پرەنسیپە گشتیەکان

لە بنچینەدا وشەی پەرلەمان فەرەنسیە و مانای گفتوگۆ دەگەیەنێت ، لەروی زاراوەییەوە بریتیە لە دەستەیەکی تەشریعی کە لە کۆمەڵێك خەڵك پێك دێت کە بەهەڵبژاردن دەبنە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە .

لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازی هەیە لە ناونانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، بەڵام جەوهەری هەمویان یەکە .

ئەمەش واتای ئەوەی کە پەرلەمان ئەو لایەنە تایبەتمەندەیە بە دانانی رێسا و یاسا بەرکارەکان ، وهەروەها دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی یە لە پەسەند کردنی پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکان یاخود هەموارکردنی دەقەکانی ، تەنانەت رەت کردنەوە و ئیلغا کردنەوەی هەندێك لە یاسا بەرکارەکان[1] .

ئەمەش تایبەتمەندی سەرەکی پەرلەمان لە هەموو قەوارەیەکی سیاسیدایە کە بریتیە لەو ئەرکەی کە پێك دێت لە بەرێوەبردنی دەسەڵاتی یاسادانان[2] .

بەڵام زۆرێك لە پرۆژە یاساکان لە هەناوی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بە دیاریکراوی لە وەزارەتەکانەوە دروست دەبن، لەشێوەی پرۆژە یاسای حکومەتی کە تیایدا لایەنی پەیوەندیدار لەسەر گرفتە نوێیەکان دەوەستن کە پێویستە یاسای نویێ ی بۆ دەربکرێت.[3]

دیارترین ئەرك و وەزیفەی پەرلەمانیش بریتیە لە یاسادانان ، کە رۆڵ و چالاکی پەرلەمان زیاتر لە بواری دانانی یاساکاندا دەردەکەوێت ، هەربۆیە بە پەرلەمان دەوترێت دەسەڵاتی یاسادانان و نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەبێ گەرانەوە بۆ پەرلەمان یاسایەك دەر بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەندە لە زۆربەی کاتدا خودی پرۆژە و ناردنی بۆ پەرلەمان لە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە ، بەڵام ئەم رێوشوێنە هەرگیز لە دەسەڵاتی پەرلەمان کەم ناکاتەوە ، چونکە هەر خودی ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت پێشنیازی پرۆژە یاسای نویێ بکات و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت .

[1] د.بختیار غفور بالکي، الوظائف غیر التشریعیة للبرلمان، ل٥٣-٦٥.
[2] د.دانا عبدالکریم سعید، دور البرلمان في الأنظمة البرلمانیة المعاصرة، منشورات الحلبي الحقوقیة، ل٤٠ و دواتر.
[3] دلیل ارشادي للمشرعین ،من اصدار منظمة NDI ل ٤٣

کەواتە پەرلەمان یاساکان دادەنێت و هیچ دەسەلأتێکی تر ناتوانێت ئەو کارەی پەرلەمان بکات
.

هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەیەکەوە کەبە سیاسەتی یاسادانان ناسراوە و بریتیە لە کۆی بنەما و یاساکان و چۆنیەتی دانانیان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان .
یاسا بریتیە لە کۆمەڵێك بنەمای گشتی بیٚ لایەن بۆ رێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا هەرکەسیش پێوەی پابەند نەبێت رووبەرووی سزا دەبێتەوە ، وەك زانراوە یاساش وەك بونەوەرێکی زیندوو سوڕی ژیانی هەیە ، لەدایك دەبێت و لەناویش دەچێت .
لەقۆناغی یەکەم دا پێداویستی ناو کۆمەڵگا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دانانی یاسایەك و لەدواتردا وەك یاسایەکی گرنگ خۆی نمایش دەکات .
لەم نێوەندەدا دەبێت پەرلەمان پەیڕەوی هەندێك بنەما بکات لە کاتی پەسەند کردنی هەر یاسایەك ، لەو بنەمایانەش[1] :

١. یاساکان گشتگیر بن و پابەند بونی پێوە هەبێت و بارودۆخی هاولاتیان و بوارەکانی ژیان رێك بخات و کاتێك دەڵێین گشتگیر بێت واتا دەبێت ئەم یاسایە تەواوی هاولاتیان بگرێتەوە ، و نابێت خۆی بخاتە نێو وردەکاریەکانی ژیانی هاولاتیان ، چونکە ناگونجیٚ هەر هاولاتیەك یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچوێنرێت .
٢. دەبێت یاسا پابەند بونی پێوە هەبێت ، بەو واتایەی نابێت یاساکان هەڵبژاردەی بۆ بکرێت لەکاتی جێبەجیٚ کردندا ، بەڵکو دەبێت کار بە پرەنسیپی سزا و پاداشت بکرێت ، بەوەی سزای ئەو کەسە بدرێت کە سەرپێچی دەکات و پاداشتی ئەو کەسەش بدرێتەوە کە جێبەجیٚ دەکات .

[1] د.بختیار غفور بالکی، پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

**مەبەستی دووەم :**

**قۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەماندا**

**دارشتنی یاسایی[1] بەرواڵەتی دەرەکی رێسای قانونی دادەنرێت ، هەربۆیە پێویستە کە وردی لە دارشتنی رێسا یاساییەکان بکرێت ئەوێش لەرێ ی پەیرەو کردنی چەند هەنگاو و رێکارێك کە بەسەرجەمیان پرۆسەی دارشتنی یاسایی پێك دێت .**

**دارشتنی یاسایی وا دەکات کە رێسای یاسایی لە دایك ببێت و گرنگی ئەم قۆناغەش بە ئەندازەی ووردی لە دارشتن و گونجاوی کەرەستەکانی دەخەملێنرێت .**

**هەربۆیە پێویستە کە رەچاوی وردی لە دارشتنی رێسا یاساییەکان بکەین لە میانەی ژمارەیەك لە هەنگاو و رێکاری وەها کە بەسەرجەمیانەوە پرۆسەی دارشتنی یاسایی تەندروست پێك دێت .**

**ئەمەی باسکرا ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی یاسادانەر کە دارشتنی یاسایی کارێکی گرنگ و هەستیارە ، پێویستە بەشێوەیەك بێت کە ویستی یاسادانەر بگاتە سەرجەم هاولاَتیان بەرونترین مانا و ئاسانترین شێواز و بە کورتترین رێگا ، لەگەڵیدا پێویستە دارشتنەکە کەمترین هەڵەو ناتەواوی تێدا بێت .**

**مەبەست لە تەشریعیش ئەو رێسا یاساییە نوسراوانەیە کە لەلایەن دەسەلاَتی تایبەتمەندی یاسادانەرەوە دەردەچێت[2] .**

**وە دەتوانیین بلێین کە دارشتنی یاسایی ئەو بەرگەیە کە یاسا لەبەری دەکات لە پێناوی ئەوەی کە گونجاو بێت بۆ جێبەجێ کردن بەسەر پرسە کرداریەکاندا .**

**دارشتنی یاساکان وەك لایەنی رواڵەتی رێسا یاساییەکان دادەنرێت ، پێویستە بە ئەوپەری وردیەوە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوانە بەپایان بگات .**

**وە ئەگەر ئەو دەسەلاَتە گشتیە تایبەتمەندەی کە هەڵدەستێت ناوی( دەسەلاَتی دامەزرێنەر)بێت ئەوا بە دەستور دەناسرێت ، وە ئەگەر دەسەلاَتی یاسادانان بێت ئەوا بە یاسای ئاسایی دەناسرێت ،**

**وە ئەگەر دەسەلاَتی جێبەجێکردن دەری بکات ئەوا پێی دەوترێت پەیرەو یا رێنمایی .**

[1] دليل الصياغة التشريعية ،ئامادةكردنى د.هادى و د.مازن ليلو ، ئةنجومةنى شوراى هةريَمى كوردستان سالى ٢٠١٦ ل ١٠
[2] التشريع بين الصناعة و الصياغة . ل١٤

- ژمارەیەك پرسی بنەڕەتی هەن كە پێویستە داڕێژەرانی یاسا پەیڕەوی بكەن ئەوانیش :
- دیارترین خەسڵەتەكانی تەشریع[1] :

فیقهی یاسایی ئاماژە بە ژمارەیەك خەسڵەت دەدات كە تەشریعی پیّ دەناسرێتەوە ، ئەوانیش :

١. دەقە تەشریعیەكە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دەرچوبێت .
٢. پێویستە دەقە تەشریعیەكە نوسراو بێت .
٣. پێویستە دەقەكە ڕێسای قانونی لەخۆ بگرێت ( كە ڕێسای قانونی ،دەقێكی گشتی مجردی پابەندكارە و كاروباری كۆمەڵگا ڕێك دەخات ).
٤. ڕونی و گشتی بون و گشتاندنی بەسەر تەواوی خەڵك لە وڵاتدا .

- جۆرەكانی تەشریع :

١. یاسای دەستوری : یاسای دەستوری بەبەرزترین یاسای وڵات دادەنرێت و شكۆی بەسەر هەموو ڕێسا قانونیەكانی دیكەدا هەیە .
٢. یاسای ئاسایی : بریتیە لەو یاسایەی كەلەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت ، بەو پێیەی كە پەرلەمان نوێنەرایەتی ویستی گشتی دەكات و خاوەن دەسەڵاتە لەو بوارەدا یاسای ئاسایی لە ڕوی ڕیزبەندیەوە لە پلەی دووەم دا.
٣. یاسای لاوەكی یان فەرعی : ئەم جۆرەش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر :
   - پەیڕەو و یان سیستەم : ئەو دەقەیە كە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەكات .
   - ڕێنمایی : ئەو دەقەیە كە وەزارەتەكان و یەكە كارگێڕیەكان دەری دەكەن .

- سیاسەتی تەشریعی :

مەبەست لە سیاسەتی تەشریعی بریتیە لە نەخشە ڕێگای دەسەڵاتی خاوەن تایبەتمەندی بە یاسادانان بە ئامانجی وەدیهێنانی ئامانجە ڕێكخراوەكانی پەیوەندیە جیاوازەكان لە نێوان دەسەڵات و تاكەكاندا ، ئەمەش بە ئامانجی دەستەبەری باشترین ڕێگا بۆ بەكارهێنانی كەرەستە تەشریعیەكان لە دەستور و ڕێكەوتنامەكان و یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە كارگێڕیەكان .

- ناوەڕۆكی پێویستی سیاسەتی تەشریعی :

١. دیاریكردنی ئەو گرفتەی كە دەمانەوێت چارەسەری بكەین .
٢. ئەو ئامانجانەی كە دەویسترێت بەهۆی یاساكەوە وەدی بێت .

---
[1] التشريع بين الصناعة و الصياغة ،د.رافد البهادلي و د.عثمان العبودي ، منشورات الحلبي الحقوقية ل١٤

٣. ئەو پەیمانەی کە بەهۆی جێبەجیٚ کردنی یاساکەوە وەدی دێن .
٤. دەستەبەریەکانی جێبەجیٚ کردنی لە واقیعی کرداریدا .
٥. کاتی قۆناغەکە .

- ڕەگەزەکانی تەشریع :

١. پێویستە پڕۆژەی دەقە یاساییەکە (عام و مجرد) بێت ، بەشێوەیەك کە تەنها نەوەستێتە سەر کەسێك یان ڕوداوێکی دیاریکراو.
٢. پێویستە دەقەیاساییەکە فەرمانێك بە کردنی کارێکی دیاریکراو یان ڕێگری کردن لە کردنی کارێکی دیاریکراو لە خۆبگرێت .
٣. پێویستە دەقە یاساییەکە پابەندکار بێت ،بەشێوەیەك میکانیزمی سەپاندنی سزا بەسەر سەرپێچی کاردا لەخۆ بگرێت نمونەی وەك (بەند کردن یان پێبژاردن یان قەرەبوکردنەوە) .
٤. هەتاوەکو یاساکان بە ڕەوتێکی سروشتیدا بڕوات پێویستە ئەو لایەنە دیاری بکرێت کە هەستاوە بە دەرچواندنی ئەو دەقە .

- پرەنسیپە گشتیەکان بۆ ئامادە کردنی پڕۆژە یاساکان لە هەرێمی کوردستان [1]

کۆمەڵێك پرەنسیپی گشتی هەن لە پرۆسەی یاسادانان دا پێویستە یاسادانەر ڕەچاویان بکات ،ئەگینا یاسا دەرچوێنراوەکە ناتەواو دەبێت و تەنانەت هەندێك جار ڕەت دەکرێتەوە ، ئەوانیش :

١. دەستەبەری ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیەکان

ئەم مافە بنەڕەتیانە لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بنەما سەرەکیەکاندا هاتوە کە بناغەکەی کەرامەتی مرۆڤایەتی و دادگەری و مافەکانی مرۆڤن .

٢. پرەنسیپی سەروەری یاسا

لە دەستوری عێراقدا هاتوە [2]کە( سەروەری بۆ یاسایە ، گەل سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیەتەکەیەتی و ئەم مافە پیادە دەکات بە هەڵبژاردنی گشتی و نهێنی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دامەزراوە دەستوریەکانیەوە ).

ئەم چەمکە واتا ملکەچی تەواوی دەسەڵاتەکان بۆ حوکمی یاسا کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەچێت .

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ل ٣٥

[22] دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی ٥

**٣. ڕێز گرتنی پرەنسیپەکانی دادگەری و یەکسانی و هەماهەنگی کۆمەلاٌیەتی .**

**٤. ڕێزگرتنی لایەنی ئاینداری لە کۆمەڵگادا :**

**ڕێسا ئاینیەکان لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی گرنگ و کاریگەریان لە هەست و سۆزی کەسەکاندا گرتوە ،پێویستە یاسادانەر هەمیشە ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرێت هەروەك چۆن یاسادانەری دەستوری لە دەستوری عێراقدا بە بایەخەوە باسی کردوە [1] .**

**٥. ڕەچاوکردنی واقیعی کۆمەلاٌیەتی بەبێ نادیدە نەگرتنی واقیعی هەرێمی و جیهانی :**

**ئەم پرەنسیپە واتای ئەوەیە لە پێناوی نەمراندنی یاساکان بەشێوەیەك کە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بن ،پێویستە ڕەچاوی دۆخی کۆمەلاٌیەتی و هەلومەرجەکانی ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگادا بکرێت ، لەگەڵ خوێندنەوەی قوڵ بۆ ئایندە و سود بینین لە هەرچی نوێ و تازەیە .**

**٦. ئاسایشی یاسایی :**

**ئەم چەمکە واتای پێویستی پابەندی دەسەلاٌتە گشتیەکان بە وەدیهێنانی ئەندازەیەك لە جێگیری ڕێژەیی پەیوەند بە یاساکان و بلاٌوکردنەوەی ئاسایش و ئارامی لە پەیوەندییە یاساییەکاندا کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت :( پرەنسیپی نەگەرشانەوەی یاسا بۆ ڕابردوو — ڕەجعیەتی یاساکان ،پێدانی ماوەیەك لە نێوان بلاٌوبونەوەی یاساو کاتی جێبەجێ کردنیدا لە پێناوی بەخشینی ماوەیەك بە هاولاٌتیان بۆ ئاگاداربون لە دەقەکانی).**

**٧. ڕەچاوی یاسای سروشتی و ڕێسا جێگیرەکان لە زەمیری یاسایدا :**

**نمونەی یاسای سروشتی وەك ئەوە کە لە ئابوریدا هەیە و ناسراوە بە خواست و خستنە ڕوو ، کە هەردوکیان پەیوەندی پێچەوانەیان لە نێواندایە کە هەریەکیان زیاد یان کەم بێت نرخیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت .**

**هەروەها ڕێسا گشتیەکانی زەمیری یاسایی بریتین لەمانەی خوارەوە کە دەبێت لە داڕشتنی یاسایدا ڕەچاو بکرێت :**

- **ڕێسای ( گرێبەست شەریعەتی هەردوو لایەنی گرێبەستەکەیە )**
- **ڕێسای ( تۆمەتبار بێ تاوانە تا لەلایەن دادگاوە تاوانبار دەکرێت)**
- **ڕێسای ( ئاڕاستە نەکردنی سوێند بۆ تۆمەتبار )**
- **ڕێسای (ناکرێت دووسزا بۆ یەك تاوان دابنرێت )**

---

[1] دەستوری کۆماری عێراق سالٌی ٢٠٠٥ ماددەی ٢

- ڕێسای ( بێ دەنگی واتای نارازی بونە ، مەگەر بەڵگەیەك پێچەوانەکەی بسەلمێنێت ).

٨. ملکەچی هەموو کاروبارێکی کارگێڕی بۆ تانەلێدان

ئەمەش وەك مافێکی دەستوری لە دەستوردا جێگیر کراوە [١] ( قەدەغەیە دانانی دەقێکی یاسایی بۆ پاراستنی کارێکی کارگێڕی یان بڕیارێك لە تانەدان ).

٩. ڕەچاوی وەدیهێنانی کردەیی بونی یاساکە

ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەر دەقێکی یاسایی بۆ ئەوەی کاریگەر و ئەکتیف بێت پێویستە لە کاتی دانانیدا ڕێسا ئامێرەکان ببەسترێنەوە بە سزایەکی کاریگەر لەکاتی سەرپێچی دا، وە هەڵاواردن کەم بکرێت لەوانەی سزاکە نایان گرێتەوە .

١٠. پشت بەستن بە کەسانی خاوەن ئەزمون و وەرگرتنی سەرنجی لایەنی پەیوەندیدار .

[١١] دەستوری کۆماری عێراق ماددەی ١٠٠

یاسادانان بە ئەرکی سەرەکی لە وەدیهێنانی کاری پەرلەمانیدا دادەنرێت و چاکسازی سیاسی لە هەر دەسەلاتێك دا بەو خەسلەتانە جیا دەکرێتەوە کە دەست پێشخەری دەکات بۆ رێکخستنی کۆمەلگا لە هەموو بوارەکانیەوە .

بۆ لەدایك بونی یاسایەك بەشێوەی سروشتی پێویستە بەم قۆناغانەدا بڕوات :

أ- پێشنیار کردنی پرۆژە یاساکان

پێشنیار کردنی پرۆژەی رەشنوسی یاساکان کارێکە لە هەناوی ئەرکی پەرلەمانیە ، ئەوە پێشەکیەکی پێویستە بۆ دارشتنی یاسا بەشێوەیەك تێروانینی یەکەمە بۆ چۆنیەتی ئەوەی کە لە ئایندەدا دەبێتە یاسا .

ب- گفتوگۆی پرۆژە یاساکان

گفتوگۆ و خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان دادەنرێت بە قۆناغە گرنگەکەی پرۆسەی یاسادانان، وەك زانراویشە کە هیچ یاسایەك دەرناچوێندرێت تاوەکو گفتوگۆی تەواوی لەپەرلەمان لەسەر نەکرێت .

ج- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاساکە

د- پەسەند کردنی یاساکان

هـ- بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ولاتدا.

## باسی سێیەم

## پەیکەری نمونەیی تەشریع

ئەرکی یاسادانان بە ئەرکی سەرەکی پەرلەمان دادەنرێت بەهەموو قۆناغەکانیەوە لە پێشنیارکردن و پاشان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و پاشان دەنگدان لەسەری و هەروەها پەسەندکردن و بلأوکردنەوەی ،ئەمەش بەپێی پەیرەوی ناوخۆی دامەزراوەکە تەواوی ڕێکارەکانی دەقنوس کراوە [1].

*گرنگی دارِشتنی یاسایی[2]

١. دارِشتنی یاسایی دروست بایەخی گەورەی هەیە لە بواری گەشەپێدانی سیستەمی قانونی لە ولأتدا،وە دیاری کردنی ڕەوتی گۆڕانکاری بەوشێوەیەی کە دەیەوێت .
٢. دارِشتنی یاساکان بەشداری دەکات لە کاراکردنی پرۆسەی (تقنين القوانين)، کەوادەکات سەرجەم ڕێسا قانونیەکانی بابەتێکی دیاریکراو لە تۆمارێکی سەربەخۆدا کۆبکرێنەوە بە ئاسانی .
٣. وا دەکات کە پرۆسەی جێبەجێکردن وپیادەکردنی یاساکان وەدی بێت بەو شێوەیەی کە نیەتی یاسادانەر بوە .

[1] كيف يعمل النائب ل ٣٠ و دليل سير العمل في جلسات مجلس النواب العراقي ل٨
[2] التشريع بين الصناعة و الصياغة ،ل ٤١

*پرەنسیپە گشتیەکانی دارشتنی یاسایی :

یەکەم:ناوی یاسا

هەموو تەشریعێك هەڵگری ناو و ژمارە و مێژوی دەرچونە ،ئەرکی یاسادانەرە کە لەسەرەتای هەموو تەشریعێك دا بیان نوسێت ، ناوی تەشریعەکە لە ناوەرۆکەکەیەوە وەردەگیرێت ، بەڵام ژمارە و مێژوو لە ریزبەندی ژمارەی تەشریعاتەکانی ئەو ساڵەوە وەردەگیرێت کە دەرچوێنراون .

دووەم :رەچاوی پۆلێن کاری[1]

پێویستە یاسادانەر رەچاوی پۆلێنی مەنتیقیانەی تەشریعەکان بکات بۆ بەش و دەروازە و باسەکان دابەشیان بکات ، هەروەها حوکمەکانی دابەشی مادده و ماددەکانیش بۆ بەند و بەندەکانیش بۆ برگە بکرێت و هەروەها رەچاوی هونەری دارشتنی مادده و یەکێتی بابەتەکانی بکرێت .

سێیەم :رەچاوی پرەنسیپی پلەبەندی رێسا یاساییەکان

وەها سەرکەوتوە کە یاسادانەر پەیرەوی جۆرە رەوتێك لە دارشتن و ریزبەندی دەقەکان بکات و دابەشکاریەکی دروست بکات لە نێوان بەشەکانی پێشنیازی یاساکە وەك ئەم نمونەیەی پەیکەری پرۆژەیەی خوارەوە :

پێشنیازی یاسای (                                    )

ژمارە (   ) ی ساڵی (      )

حوکمە گشتیەکان

بەشی یەکەم     پێناسەکان

[1] التشريع بين الصناعة و الصياغة ل ٧٥

بەشی دووەم    ئامانجەکان و میکانیزمی وەدیهێنانیان

حوکمە بابەتیەکان

بەشی سێیەم    ئەرك و دەسەلأتەکان

بەشی چوارەم    پەیکەر و پێکهاتە

بەشی پێنجەم    ئەرك و دەسەلأتی بەش و لقەکان

بەشی شەشەم    حوکمە داراییەکان

بەشی حەوتەم    حوکمە سزاییەکان

حوکمە گواستراوەکان ( ئینتیقالیەکان)

بەشی هەشتەم    .................

بەشی نۆیەم    ئیلغا کردن و جێبەجێ کردن

*پێکهاتەکانی تەشریعێکی تەندروست [1] :

١. پێکهاتەی هەر تەشریعێکی دانراو دەست پێدەکات لەهەنگاوی یەکەمدا بەنوسینی ناوی پرۆژە پێشنیازەکە و ژمارە و ساڵی دەرچون[2] .
٢. ئاماژەدان بە پێشەکی یاسایی بۆ ئەم یاسایە لە دەقی دەستوری یان یاسایەك کە ڕەهەندی دەستوری هەبێت وەك پشتیوانی یاسایی بۆ دەرچواندنی ئەم یاسایە .
٣. ڕیزبەندی باس و بەش و مادده ماددەی هەریەك لە بابەتی یاساکە بەشێوەیەك لە ماددەکانی سەرەتادا ووشە و چەمکی پێویستی ناو یاساکە پێناسە بکرێت و ئاماژە بەو ماناو زاراوانە بدرێت کە دەستەواژەکە لەخۆی دەگرێت .

[1] دليل الصياغة التشريعية ، دانانی :غازي ابراهيم الجنابي ل١٢
[2][2][2] التشريع بين الصناعة و الصياغة ل ٧٥

٤. پاشان لە ماددەیەکدا بنەما گشتیەکان وەك کارێکی دەست پێشخەری لە یاساکەدا باس دەکرێت .

٥. پاشان دەست دەکرێت بە ماددە جەوهەریەکانی یاساکە و دەق نوس دەکرێت و بەش و ماددە و بڕگەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت .

٦. بواری جێبەجێ کردنی یاساکە لەڕوی کات و کەس و توێژەکانی کۆمەڵگادا [1]

٧. هەروەها بە ماددەیەك تەواوی یاسای پێشتر کە دژیەکی لەگەڵ ئەم یاسا تازەیەدا هەیە ڕەت دەکرێتەوە .

٨. لەماددەیەك دا دەسەڵات دەدرێت بەو لایەنەی کە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکات و ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی دەربکات .

٩. پێش کۆتایی پڕۆژەکە باس یان بەشێك تەرخان دەکرێت بە حوکمە کۆتاییەکان کە تیایدا چۆنیەتی کارکردن بەیاساکە ئاماژەی پێ دەکرێت .

١٠. هەروەها بە ماددەیەك ئاماژە بە دەسەڵاتی پەسەندکردن و دەرچواندنی یاساکە و بڵاوکردنەوەی یاساکە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا و کاتی جێبەجێکردنی دەکرێت .

١١. پاشان بەهۆیەکانی دەرچون کۆتایی بە یاساکە دێت کە لە سیستەمی یاسایی عێراقی و کوردستانیدا هەمیشە هۆیەکانی دەرچون شوێنەکەی کۆتایی یاساکانە .

١٢. ئەگەر هەمواری یاسایەکی بەرکار کرایەوە ،ئەوا نابێت نیوەی زیاتری یاساکە بگرێتەوە[2].

[1] دليل الصياغة التشريعية ،لمجلس النواب العراقي ل ٤٤

[2] ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراق ئەو ڕایەی جێگیر کردوە کە ئەگەر هەمواری یاسا نیوەی زیاتری یاسا بنەڕەتیەکەی گرتەوە ، ئەوا پێویستە بە یاسایەکی سەربەخۆ دەربکرێت نەك هەموار ،واتا بەشێوەی پڕۆژەیەکی سەربەخۆ بنوسرێت ، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە کرفت بۆ لایەنی جێبەجێکار دروست نەبیت .

- پەرلەمان و ئەندام پەرلەمان[1]

پێكهاتنی پەرلەمان لە پێناوی پیادەكردنی ئەركێكی گرنگ دایە كە ئەویش پێك هاتوە لە دانانی یاساكان و بەهۆیەوە ژیانی تاكەكان رێك دەخات لە بوارە جیاجیاكاندا ، هەروەها ئەو یاسایانەی كە پەیوەندی نێوان تاك و دەسەلاَت رێك دەخات .

بنەمای پیادەكردنی ئەركی ئەندامی پەرلەمان لە بواری یاسادانانندا دەگەرێتەوە بۆئەوەی كە یاساكان دەربڕی ویستی نەتەوەن و ئەو گەلەی كە لە نێوخۆیدا نوێنەرانێك هەڵدەبژێرێت لە پێناوی ئەوەدایە ئەو ئەركە پیادە بكات كە خۆی لە دانانی یاساكان دەبینێتەوە .

ئەو ئەركەش بە چەندین قۆناغدا دەڕوات كە بە قۆناغەكانی پرۆسەی یاسادانان ناو زەد دەكرێت كە بەكورتی ئەم چوار قۆناغەن :

١. پێشنیاری پرۆژە یاسا
٢. گفتوگۆ و دەنگدان
٣. پەسەندكردن و دەرچواندن
٤. جێبەجیٚ كردن .

لەڕاستیدا ئەندامی پەرلەمان لە هەردوو قۆناغەكەی باسكران لە قۆناغەكانی پرۆسەی یاسادانان رۆڵی سەرەكی هەیە و لەدایك بونی یاساكان لەسەر دەستی ئەمان دەبێت ،بەلاَم دوو قۆناغی كۆتایی ئەركی دەسەلاَتی جێبەجێكردنە كە یاساكان بلاَو بكاتەوە ودواتر جێبەجێیان بكات .

دوو قۆناغە گرنگەكەی یاسادانان كە رۆڵی ئەندامی پەرلەمان تیایدا سەرەكی دەبێت بەم شێوەیەیە :

[1] دكتورة افين خالد عبدالرحمن ،المركز القانوني لعضو البرلمان ،دراسة مقارنة ، الناشر المركز العربي للنشر و التوزيع ،ل ٣٦٧ و دواتر

یەکەم :دەست پێشخەری یاسایی[1]

ئەم قۆناغە ماف دەدات بە ئەندامی پەرلەمان کە پرۆژە پێشنیاری یاسای پێویست بۆ رێکخستنی ژیانی تاکەکان لە بوارە جیا جیاکاندا پێشکەش بکات .

دەست پێشخەری یاسا واتا رەوایەتی بۆ ئەندامی پەرلەمان کە پێشنیازی یاسای پێویست بکات لەبەردەم پەرلەماندا، کەتیایدا پێشنیاری بیرۆکەیەك لە چوارچێوەیەکی یاسایدا دەکات لە پێناوی رێکخستنی دۆخێك کە بایەخی هەیە لە کۆمەڵگادا .

هەربۆیە لەبەر گرنگی ئەم قۆناغە زۆربەی زۆری دەستوری وڵاتان ئەم مافەیان داوە بە ئەندامی پەرلەمان کە پێشنیازی یاسا پێشکەش بکات یاخود دەست پێشخەری یاسایی وەها بکات ، لەگەڵیدا رێگە دراوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە ئەویش پرۆژە یاسا پێشکەش بکات لە هەر بوارێك کە بەپێویستی بزانێت .

دووەم : گفتوگۆی پرۆژە و دەنگدان لەسەری [2]

دوای ئەوەی بیرۆکەی پێشنیازی یاسا پێشکەش دەکرێت لەلایەن ئەندامی پەرلەمانەوە پاشان پێویستە ئەو پێشنیارە گفتوگۆ بکرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت .

پاشان گفتوگۆی کۆتایی و دەنگدان لەسەری بۆ بکرێت ئەوجا ئەو دەسەڵاتە تەشریعیە پێك هاتبێت لە یەك ئەنجومەنی یان دوو ئەنجومەن .

ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە قۆناغی گفتوگۆی پرۆژە یاسا گرنگ و پڕ بایەخە وە رۆڵی پەرلەمان و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی دەسەلمێنێت کە پەیرەوی ناوخۆی دامەزراوەکە پرسی قۆناغەکانی یاسادانانی رێك خستوە .

---

[1] المركز القانوني لعضو البرلمان ل ٣٧٠
[2] هەمان سەرچاوە ل ٣٧١

کەواتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەرکی پەرلەمانە کە یاساکان دەربچوێنێ ، جا ئەگەر بیرۆکەی پێشنیارەکە لەلایەن ئەندامی پەرلەمانەوە بێت یاخود پرۆژە یاسایەك بێت و خاوەنداری بۆ حکومەت بگەرێتەوە ، واتا پرۆژە نابێتە یاسا ئەگەر لەلایەن دەسەلاتی تایبەتمەندەوە دەرنەچێت .

پاش خوێندنەوەکانیش پێویستە ببێتە راپۆرت و بچێت بۆ قۆناغەکانی گفتوگۆی تەواو هەروەها دەست بکرێت بە دەنگدان لەسەر دەقەکانی پرۆژەکە ، کە تەواوی رێ و شوێنەکانی دەنگدان لە پەیرەوی ناوخۆدا رێك دەخرێت ، و ژمارەی یاسایی بۆ ئامادەبون لە دانیشتنەکە و رێکاری یەك ماددە لەدوای یەك و پاشان دەنگدان لەسەر هەموو دەقە نوسراوەکە دەکرێت .

وەك زانراویشە بوەتە نەریتێکی یاسایی کە یاساکان بە زۆرینەی سادە دەردەچن مەگەر لەحاڵەتی وەهادا کە پێویستی بە رێژەی دیکە هەبێت کە یاساکە بە دەق ئاماژەی پێ بکات وەك سێ یەکی ئەندامان یان زیاتر .

هەروەها زانراویشە کە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ جیاوازی کردوە لە نێوان هەردوو چەمکی پرۆژە یاسا و پێشنیاری یاسا ، کە یەکەمیان لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت و دوەمیان لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بە واژوی ١٠ ئەندام پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت .

ئەوەی کە شایەنی باسە دادگای باڵای فیدراڵی لە بریارێکیدا سەبارەت بە ماددەی ٦٠ی دەستوری عێراق رایگەیاندوە کە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا تەنها لە دەسەلاتی حکومەتە و دەبێت تەنها ئەو ،ئەو مافە پیادە بکات [١]

سێیەم : رەچاوی پرەنسیپی پلەبەندی رێسا قانونیەکان

ئەو رێسا یاساییانەی کە لە ولاتدا جێبەجێ دەکرێن سەرجەمیان لە هەرەمێکی یاسایدا رێك خراون ، کە دەستور لە لوتکەدایە و دواتریش یاسا دێت و پاشان پەیرەو و دواتر رێنمایی

[١] بریاری دادگای فیدراڵی عێراق بەژمارە ٤٣و ٤٤/اتحادیة/٢٠١٠ لة ٢٠١٠/٧/١٢

دێت ، کەبەپێی پرەنسیپی بنەرەتی یاسایی نابێت هیچ تەشریعێك پێچەوانەی دەقی سەرو خۆی بکات .

کەواتە یاساکان پێویستە بەپێی حوکمەکانی دەستور بێت لە روالەت و ناوەرۆکدا ، هەروەها پەیرەو و رێنماییەکانیش بە هەمان شێوە.

هەر بۆیە پێویستە لەسەر یاسادانەر کە زانیاری تەواوی لە سەرجەم یاسا بەرکارەکان لە ولاتدا هەبێت بۆ ئەوەی کە یاسایەکی نویَ ی دانا لەو پرەنسیپەی سەرەوە لانەدات و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەلبوەشێنرێتەوە.

چوارەم: رەچاوی سیاسەتی تەشریعی لە ولاتدا

هەموو ولاتێك سیاسەتی تەشریعی تایبەت بەخۆی هەیە کە وەرگیراوە لە حوکمەکانی دەستور و یاساکانی و لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ئەو فەلسەفە حوکمرانیەی کە باوەری پێیەتی ، وەك زانراویشە کە سەرجەم پێدراوە ئاینی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکان پەیوەندیەکی بەهێزیان بە سیاسەتی تەشریعیەوە هەیە .

پێنجەم :ئاگاداربون بەسەر تەشریعاتەکانی پێشودا

پێویستە کە یاسادانەر بەووردی ئاگاداری سەرجەم تەشریعاتە بەرکارەکان بێت ، ئەگەر زانی تەواون و پێویست بە یاسایەکی نویَ ناکات ئەوا رێگە بە دەرچواندنی یاسای دیکە بۆ ئەو بوارە نەدات و وە ئەگەر زانی کە یاسایەك پێویستە دەربچێت و گونجاویشە لەگەلَ سیاسەتی تەشریعی ولاتدا ، لەم کاتەدا پێویستە کە هەنگاو بنێت بۆ دانانی دەقێکی یاسایی نویَ .

شەشەم :رەچاوی یەك تەشریعی

حەوتەم:رەچاوی قەبارەی هەموارەکە

هەشتەم :رادەی وەدیهاتنی پێداویستیەکانی جێبەجێکردن

پێویستە یاسادانەر بەدواداچون بكات بۆ هۆكارەكانی جێبەجێكردنی تەشریعاتەكان و دەرفەتی وەدیهاتنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەكان بۆ ئەوەی كە بزانرێت كە بە هۆیانەوە یاسا نویێ یەكە گونجاوە بۆ جێبەجێكردن كە گرنگترینیان : گونجاوی جێبەجێكردنی لەڕوی داراییەوە ،وە دانانی ڕێسایەكی گشتی كەبەسەر هەموو هاولاَتیاندا جێبەجێ بكرێت ، و تا لە توانادابێت دوركەوتنەوە لە هەلأواردن لە دەقەكاندا .

نۆیەم :دیاریكردنی لایەنی جێبەجێكاری تەشریعەكە

پێویستە یاسا نوێ یەكە لایەنی بەرپرسیار لە جێبەجێكردنی حوكمەكانی دیاری بكات ، جاری وا هەیە ئەو لایەنانە تەواوی دامەزراوە فەرمیەكان دەگرێتەوە لە ولاَتدا ، یاخود تەنها لایەنێكی پەیوەندیدار بەرپرسیار دەكرێت .

دەیەم:دیاریكردنی مێژوی جێبەجێكردنی تەشریعەكە

بە دەقی دەستوری هاتوە كە[1](یاساكان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلأودەكرێنەوە و كاریان پێدەكرێت لە ڕۆژی بلأوبونەوەیانەوە مەگەر دەقێك پێچەوانەی ئەمە هاتبێت ).

یازدەهەم: چوارچێوە گشتیەكەی پڕۆژە یاسا[2]:

كەواتە پێویستە هەر پڕۆژەیەكی تەشریعی بەم شێوەیە دابڕێژرێت و لەم حەوت بەشە پێك بێت :ناونیشانی یاساكە،دیباجە،پێناسە و حوكمە گشتیەكان،پەیوەندیدارە سەرەكیەكان بەیاساكە ،لایەنی جێبەجێكاری یاساكە،سزاكان یان ئەو ڕێكارانەی كە وادەكات خەلَك بەحوكمەكانی یاساكەوە پابەند بن،یەكلاكردنەوەی ئەو ناكۆكیانەی بەهۆی جێبەجێكردنی یاساكەوە دروست دەبن ،سەرچاوەكانی پارەداركردن بۆ جێبەجێ كردنی،حوكمە هونەریەكان .

[1] ماددەی ١٣٠ لە دەستوری كۆماری عێراق سالَی ٢٠٠٥
[2] دليل التشريع للمحافظات العراقية ل ١١

دوازدەهەم:ڕەچاوی گەشەکردنی کۆمەڵگا، بەشێوەیەك کە تەشریعەکە بتوانێت هاو تەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەکان بڕوات .

سیازدەهەم:هاوسەنگی،پێویستە هەموو دەقێکی تەشریعی لەیەك کاتدا هەڵگری ڕەهەندی یەکلاکەرەوە و نەرمیش بێت ، وە دەرفەتیش بدات بە دادوەر کە ئەو دەقەی بە ڕێسا قانونیەکە ڕێکخراوە گونجاوی و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات بەرامبەر بەو ڕوداوەی هاتۆتە بەردەستی[1] .

- خەسڵەتەکانی هونەری داڕشتنی یاسایی[2]

١. پێویستی کورتبڕی: دەقی یاسایی دۆخێك یان دیاردەیەك ڕێك دەخات بە چەند وشەیەکی دیاریکراو بەبێ زیاد و کەم کردن ،بەشێوەیەك ماناکەی دەدات بەکەمترین وشە و دەستەواژە ، تا بەهۆی درێژکردنەوەوە نەبێتە هۆی دروست بونی ڕاڤەی دژبەیەك .
٢. پێویستی نمایشێکی تۆکمە :ئەمەش بەوە دێتە دی کە بابەتەکان چاك پۆلێن بکرێن و حوکمە زۆر و چڕەکانی بە دەقی یاسایی ڕێك بخرێن ، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە بەشەکانی یاساکە بەیەکەوە ببەسترێن و ئامانجەکانی بەئاسانی ئاشکرا بکرێن.
٣. پێویستی خاڵبەندی و ئاماژەکان:ئەمەش واتا نوسینی دەقە یاساییەکان بەشێوەیەکی دوابەدوای یەکتر و بەستنەوەیان بەیەکترەوە بەشێوەی خاڵ و بڕگەکان .
٤. بەکارهێنانی ڕێکاری تەشریعی : یاساکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن و بەدەستەواژەی وەها ڕێك دەخرێن کە فەرمان و ڕێگری لە کارێکی تێدایە ،واتا پێویستی ئەنجامدانی کارێك و خۆگرتنەوە لە کردنی چەند کارێکی دیاریکراو لەگەڵ دانانی سزا بۆی .

[1] دليل العمل البرلماني في الاردن .ل٤٨
[2] فن الصياغة القانونية .د.عبدالقادر الشيخلي ل ٥٨ و دواتر

هەربۆیە زمانی یاسایی لەبواری تەشریعدا زمانێکی ڕون و دیاریکراوە و دورە لە ئالۆزیەوە ،کە لە دیارترین خەسڵەتەکانی بریتیە لەوەی زمانی نوسینی دەقی یاسایی پێویستە کورت بێت و دووربێت لە دوبارەکردنەوە و زیادەڕەوی.

٥. وردبینی تەواو لە دارِشتنی یاسایدا

وەك زانراوە کە وردبینی لە نوسینی دەق دا دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە ڕاڤەیەکی وردی بۆ بکەین بەبێ بونی گرێ و ناڕۆشنی، لەبەرامبەردا ئەو دەقەی کە دوورودرێژە و پێك هاتوە لە کۆمەڵێك دەستەواژە هەڵگری کۆمەڵێك ئیشکالاتە کە ئێمە پێویستمان پێی نیە .

٦. کارکردن بە تازەترین دەستەواژە : کاتێك کە یاسادانەر پەنا دەبات بۆ دانانی یاسایەکی نوێ، ئەوا دارِشتنی یاسایی دروست دەخوازێت کە تازەترین دەستەواژە بەکار بهێنین، چونکە یاساکان ڕەنگدانەوەی واقیعە بابەتیەکەن لە ڕوی ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە.

٧. نەبونی هەڵەی زمانەوانی و بەکارهێنانی شێوازێکی دروست لە زمانی نوسین دا[١]

[١] فن الصیاغة القانونیة ل١٠٥

*بەشەکانی یاسادانان [1]

بەشێوەیەکی ڕونتر پێویستە پرۆسەی یاسادانان بۆ هەر یاسایەك کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەنرێت ئەم مەرجانەی تێدابیت :

١. ناونیشانی یاسا بەشێوەیەکی کورت و ڕۆشن بنوسێت ،کەوا گونجاوە دەستەواژەی کاریگەر بەکاربێت کەلە هزری یاسایدا جێگیر بوە .

٢. ژمارەی یاسا، کە پێویستە هەموو یاسایەك ژمارەی ڕیزبەندی وەرگرێت و لەگەڵ ساڵی دەرچونەکەیدا بنوسرێت .

٣. پێناسەکان ،ئەگەرچی باس کردنی چەمك و پێناسەکردنیان لەسەرەتای هەر یاسایەدا شتێکی ئارەزومەندانەیە لە نێوان باس کردن یان نەکردنیدا ، بەڵام واچاکترە هەر یاسایەك کە دەردەچێت لە ماددەی یەکەمیدا پێناسەی دیارترینی ئەو چەمك و دەستەواژانە بکات کەلە ماددەکانی یاساکەدا بەکارهاتون .

٤. بواری جێبەجێکردنی یاساکە ،مەبەست لە دیاریکردنی ئەو بوارەیە کە ئەم یاسایە لە کەس و شوێن و توێژەکان دەیان گرێتەوە ،هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوانەش بکرێت کەلەم یاسایەدا هەڵاواردنیان بۆ دەکرێت و یاساکە نایان گرێتەوە .

٥. دەقی یاساکە: واتا (متن)ی ئەو پرۆژەیە کە پێویستە وەك ئەوەی نەخشەی بۆ دانراوە ڕێك بخرێت کە ئامانجی یاسایەکی سەرکەوتوو وەدی دەهێنێت .

٦. ڕیزبەندی ماددەکان ،پێویستە ڕێکخستنی ماددەکان بەم شێوەیە بکرێت:گرنگتر لەپێش گرنگەوە ،گشتی پێش تایبەتی،حوکمێکی گرنگی بنەڕەتی پێش حوکمێکی لاوەکی ،هەروەها حوکمێکی بابەتی پێش حوکمێکی کارگێڕی یان ڕێکاری بخرێت.

٧. ڕیزبەندی ماددەکان لەبەشێکدا ،کە مەبەست لەم ڕیزبەندیە ڕێکخستنی ماددەکانی پەیوەندیدارە بەیەکەوە لە بەشێکدا ، ئەمەش بە قازانجی جێبەجێکاری ئەو یاسایە دەگەڕێتەوە کە حوکمەکانی لەنێو بەشێکی سەربەخۆدا کۆ دەکرێنەوە و ئاسان

[1] دليل الصياغة التشريعية ،غازي ابراهيم الجنابي ل١٢و١٣

جێبەجێ دەكرێن ،هەروەها بۆ ئامادەكاری پرۆژەكەش ئاسانكاری تێدایە كە دەتوانێت ئاماژە بە ماددەكانی ئەو بەشە بدات.

٨. بەژمارەكردنی ماددەكان بەم شێوەیەی خوارەوە :

ماددەكان بەم شێوەیە بنوسرێت : ١.

٢.

٣.

وە ماددەی ١ دابەش دەبێت بۆ برِگەكانی :

یەكەم.

دووەم.

سێیەم.

وەبەشی یەكەم بۆ خاڵەكانی:

أ.

ب.

ج.

وەخاڵەكانیش بۆ :

(١).

(٢).

(٣).

وەك ئەوەی لـە نوسینەوەی دەستوری كۆماری عێراقی فیدراڵدا هاتوە .

٩. بەكارهێنانی هەواڵەكردن ، كە مەبەست پێی بریتیە لـە ئاماژەدان بە ماددە یاساییەكی دیكە كە پەیوەندیدارە بەم یاسایەوە لـەنێو هەمان یاسا كە خەریكی دارِشتنین بۆی ،كە ئامانجیش لـە بەكارهێنانی ئەم جۆرە لـە هەواڵەكردنە بۆ كورتكردنەوەی كات و دوبارە نەكردنەوەی بابەتەكانە ، بەمەرجێك تەنها ئاماژە بە ژمارەی یاساكە بكرێت بەبێ ناوهێنانی دەروازە و بەشەكەی .

- بەشی حوکمە کۆتاییەکان [1]

ئەم بەشە وەك بەشی کۆتایی ئەژمار دەکرێت و واگونجاوە کە حوکمە کۆتاییەکان ڕاستەوخۆ دوای ناوەڕۆکی یاساکە بێت و ئەم پرسانە لەخۆ بگرێت :

١. هەڵوەشاندنەوە ،مەبەست پێی هەڵوەشاندنەوە یان ڕەت کردنەوەی یاسایەك یان ژمارەیەك یاسا و ڕێنمایی بەرکارە یان هەندێك لە ماددەکانی یاسایەکی هەڵوەشاندۆتەوە کەلەم یاسا نویێ یەدا چارەسەر کراون ، واتا لە یاساکەدا بەدەقێکی ڕون ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەکە بکرێت نەك بەشێوەی پەنهانی .

٢. حوکمە گواستراوەکان ،کەمەبەست پێی ئەو حوکمانەن کەبەهۆی جێبەجێ کردنی یاساکەوە ماددەیەك بۆ توێژێك دیاری دەکرێت نمونەی وەك ٣٠ یان ٦٠ یان ٩٠ ڕۆژ بۆئەوەی کە دەقەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت بەسەریاندا .

٣. سپاردنی دەسەڵات ،مەبەست لەمەش بریتیە لە سپاردنی دەسەڵات بەلایەنی جێبەجێ کردن بۆ دەرچواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ باشتر جێبەجێ کردنی یاساکە .

٤. دیاریکردنی لایەنی جێبەجێکار ،کە مەبەست لێی ئەو ماددەیەیە کە تیایدا لایەنی جێبەجێکار دیاری دەکرێت وە دەکرێت بە ئەرکی ئەو کە دەقەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات ، وەك ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتێکی دیاریکراو .

٥. کاتی بەرکاربونی یاساکە،ئەمەش دەستەواژەیەکە کەلە ماددە کۆتاییەکانی یاساکەدا دێت کە تیایدا مۆڵەتی دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت بەتایبەتی کاتێك کەلە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاْودەکرێتەوە .

٦. ئیمزای دەرچواندنی یاسا،یاسادانان کۆتایی دێت بە ئەڵقەی کۆتایی کە پێك دێت لە ئیمزای کۆتایی لەسەر یاساکە لەلایەن ئەو کەسەی کەدەسەڵاْی دەرچواندنی یاسای پێدراوە ، کەلە عێراق لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە ئیمزای دەرچواندن دەکرێت ، هەروەها لە هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەکرێت.

[1] دليل الصياغة التشريعية، غازي الجنابي ل ١٦

*هۆیەکانی دەرچواندن و هاوپێچەکان[1]

١. هۆیەکانی دەرچون ڕەگەزێکی پێویستە لە ڕەگەزەکانی تەشریع ،لەگەڵ ئەوەی کەناچێتە نێو هەناوی تەشریعەکەوە بەمانای ئەوەی کە بەشیچك بێت لە حوکمەکانی[2]

٢. هۆیەکانی دەرچواندن لە سیستەمی یاسادانانی عێراقیدا دەکەوێتە بەشی کۆتایی یاساوە کە پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێت :چەند پرسێك کە شرۆڤەی مەبەستی چەند ماددەیەکی یاساکە دەکەن بۆ لایەنی جێبەجێکار و شرۆڤەکار و تەنانەت هاولاٌتیانیش گرنگە ،و ئەو ئامانج و هۆکارە پێویستانەی کە لە پێش دەرچواندنی ئەم یاسایەوە بون شی دەکاتەوە .

٣. هاوپێچەکان، هەندێك جار یاسادانەر پەنا دەبات بۆ هاوپێچ کردنی خشتەیەکی پێویست کە نەیویستوە لە کاتی باس کردنی ماددەکاندا بیانهێنێت لەبەر درێژ نەکردنەوە ، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر ڕونکردنەوە و ڕێگری کردن لە فراوان کردنی بۆ زۆر بواری دیکە .

---

[1] دليل الصياغة التشريعية ،غازي الجنابي ل ١٩
[2] دليل الصياغة التشريعية لمجلس النواب العراقي ل ٦١

## باسی چوارەم

## پرۆسەی یاسادانان بە پیٚ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلـەمانی کوردستان

ئەرك و دەسەلأتەكانی پەڕلـەمانی كوردستان لـە ڕوی یاسادانانەوە وەك لـە دەقە تەشریعیەكاندا هاتوە بریتیە لـە :

١-یاسادانان ، وەك لـە بڕگەی ١ ی ماددەی ٥٦ لـە یاسای هەلٚبژاردنی پەڕلـەمانی كوردستان ژمارە ١ی سالٚی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتوە .

٢-هەموار یان جێبەجێكردنی یاسا فیدڕالٚیەكان ، وەك لـە بڕگەی دووەمی ماددەی ١٢١ لـە دەستوری عێراق سالٚی ٢٠٠٥ هاتوە .

پەرلـەمانی كوردستان لـە مانگی (٧ی ٢٠١٨)ەوە بووە پەیڕەوێكی ناوخۆی نویٚ ی دانا[1] كە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە ١ی سالٚی ١٩٩٢ی هەمواركراوی هەلٚوەشاندەوە .

لـە پەیڕەوی سالٚی ٢٠١٨ لـە بەشێكی تایبەتدا ئەم وەزیفە گەورەیەی كاری پەرلـەمانی باس كراوە ئەویش لـە بەشی هەشتەم و لـە ماددەكانی (٧٧ تا ٩٧) ئەم پرسە دەق نووس كراون.

تیایدا مەبەستی یاسادانان وەك وەزیفەیەكی كاری پەرلـەمانی لـەم چەند خالٚەدا ڕێك خراون كە ئەوانیش بریتین لـە[2]:

یەكەم/ دەركردنی یاسا وبڕیار.

دووەم/ هەمواركردنی یاساو بڕیارە كارپێكراوەكان.

سیٚ یەم/ بەركار كردنی یان هەمواركردنی كارپێكردنی یاسافیدرالیەكان.

هەروەك پەیڕەوی ناوخۆی پەرلـەمان ئەو جیاوازییەی وەرگرتووە لـە دەستوری هەمیشەیی عێراق سالٚی (٢٠٠٥) و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا هاتووە كە هەریەك لـە(پڕۆژە وپێشنیار) لـێك جودا كراونەوتەوە بەشێوەیەك كە:

- پڕۆژە یاسا یان پڕۆژە بڕیار ئەو دەقەیە كە لـەلایەن دەسەلأتی جێبەجیٚ كردنەوە پێشكەش دەكرێت[3].

-پێشنیاری یاسا یان بڕیار ئەو ڕەشنوسەیە كە لـەلایەن لانی كەم(١٠) ئەندامی پەرلـەمان پێشكەش دەكرێت[4].

---

[1] پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨

[2] ماددەی ٧٧ لە پەیرەوی ناوخۆ

[3] ماددەی ٧٨ برگەی یەکەم لە پەیرەوی ناوخۆ

[4] ماددەی ٧٨ برکەی دووەم

– هەروەها ئەو پڕۆژە یاساو بڕیارانەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە پێشکەش دەکرێن، ئەمەش واتا ڕێگە بە دەسەڵاتی دادوەری دراوە کە پڕۆژە یاسا پێشکەش بکات لەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بەخۆیانەوە[1].

– هەوەروەها پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگە دەدات بە دامەزراوە فەرمیەکانی دی کە پێشنیاری یاسا وبڕیار پێشکەش بکەن[2].

پاشان پەیڕەوی ناوخۆ زیاتر قول بوونەوەی کردووە بۆ مەرج و شێوازی ئەو پێشنیازی یاسایانەی کە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێن کە ئەوانیش بەم شێوەیەن:

١– مەرجە پێشنیازی یاسا یان بڕیار لەلایەن ژمارەی پێویست و یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش بکرێت کە لای کەم (١٠)ئەندام واژووی بکات[3].

٢– پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆ بگرێت بە شێوەی داڕشتنی تەشریعی لە ناوونیشان و ڕێکخرا بێت بە مادده و بڕگە و پاشان هۆیەکانی دەرچوون[4].

٣–لە ماوەی(١٤) ڕۆژی پێشکەش کردنیدا پێویستە لیژنەی یاسایی و دەستەی سەرۆکایەتی بەهەماهەنگی بڕیاری لە بارەوە بدەن[5].

بە گونجانی لە ڕووی پێوەرەکانەوە کە ئەوانیش بریتین لە[6] :

أ– هەبوونی بابەتێکی گشتی کە پێویستی بە دەرچواندنی وەها یاسایەك بکات.

ب– هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی.

ج– ئەگەر بەهۆی جێبەجێ کردنی یاساوە بۆشاییەك دروست بوو پێویست بوو هەموو یان بەشێکی یاساکە هەموار بکرێتەوە.

د– مەرجە ئەو پێشنیازی یاسا وبڕیارانەی ڕەهەندی داراییان هەیە ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێت.

---

[1] هەمان مادده برگەی سێیەم

[2] هەمان مادده برکەی جوارەم

[3] ماددەی ٧٩ لە پەیرەودا

[4] هەمان مادده

[5] هەمان مادده

[6] ماددەی ٧٩ لە بەیرەودا و هەر چوار برکەکەی

هەروەها ماددەی(٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی ڕەت کردنەوەی داوە بەهەردوو( دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی) ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەو پێوەرانەی تێدا نیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا وە ناچێتە قۆناغی یەکەمەوە کە بریتیە لە ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆی، وە ئەگەر بۆ ئەندامە پێشکەشکارەکانی پێشنیازەکە ئەم ڕەت کردنەوەیە بڕوا پێهێنەر نەبوو ئەوا بابەتەکە دەخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە بۆ بڕیاردان لەسەری.

وە لەحاڵەتی ڕەت نەکردنەوەی هەموو پێشنیارەکە یان دەربڕینی تێبینی لەسەر پێشنیازەکە، ئەوا بۆ ئەو ئەندامانەی پێشنیازەکەیان پێشکەش کردووە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەو دووبارە پێشکەش کردنەوەی[1].

هەروەها بە پیێ ی هەمان ماددەو لە بڕگەی چوارەم دا ئەگەر پڕۆژە پێشنیازەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ولیژنەی یاسایی یەوە ڕەزامەندی لەسەر درا ئەوا لەیەکەمین دانیشتنی دوای ڕەزامەندیەکە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

سەبارەت بە پڕۆژە پێشنیازی نویێ کە هەمان ناوەرۆکی هەبێت لەگەڵ پڕۆژەیەکی تردا کە لە ژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ ڕاپۆرت نووسین ئەوا وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە[2].

هەروەها سەبارەت بە پێدانی ئەولەویەت(لەپێشتردانان) بۆ هەریەك لەو دەقانەی کە پێشکەش دەکرێن ئەوا بەپیێ ی ماددەی (٨١) بڕگەی سیێ یەم پڕۆژە یاسا بە بنەما دادەنرێت ئەگەر پێشنیازی یاسای تر پێشکەش کراو لە ڕووی بنەماوە وەك یەك بوون، بەمەرجێك پێشنیازی یاساکە نەچوبێتە قۆناغی ڕاپۆرت نووسینەوە و لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی پێشنیازی یاسا ئەوا لە هەمان وەرزی یاسادانان لە خولە پەرلەمانیەکەدا پێشکەش ناکرێتەوە.

- هەندێك مەرجی پەیڕەوی بۆ گفتوگۆی پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا:-

١- تەنها لە مانگی یەکەمی وەرزی یاساداناندا ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت پێشنیازی یاسا پێشکەش بکات، تەنیا لە حاڵەتی تایبەتدا نەبێت کە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویست بوونی دەکات[3].

٢- پڕۆژە یاسا وبڕیارەکان کە لەلایەن حکومەتەوە دێن ڕاستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتنی دوای گەیشتن خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت[1].

---

[1] ماددەی ٨٠ برکەی سییەم لە پەیرەوی ناوخۆ

[2] ماددەی ٨١ برکەی یەکەم

[3] ماددەی ٨٢ی پەیرەوی ناوخۆ

٣- دەستەی سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات بەبەش کردنی پرۆژە یان پێشنیازی یاسا وناردنی هەربەشە بۆ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، ئەمەش ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندی زیاتر لە لیژنەیەك بوو  وە لیژنەش تەنها ڕاپۆرت لەسەر ئەو بەشە ئامادە دەکات کە ئاراستەی کراوە[٢].

٤- دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (٢١)ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە ئامادە بکات[٣].

٥- لە حالەتی ئەوەی کە سیفەتی بەپەلە بۆ پرۆژە یان پێشنیاز دیاری کرا ئەوا دەبێت لە ماوەی (٧)ڕۆژدا ڕاپۆرت پێشکەش بکرێت[٤].

٦- لە حالەتی پابەند نەبوون بەو وادانەی سەرەوە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت ئەوا جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان لیژنەکە ئاگادار دەکاتەوە و پێویستە لیژنە لە ماوەی (٤)ڕۆژدا ڕاپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات[٥].

٧- ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچونەوە تەنها لە ڕووی دارشتنەوەی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، وە ڕاپۆرتی لیژنەکە خوێندنەوەی دووەمی بۆناکرێت تا لەڕووی دەستووری و یاسا کارپێکراوەکان ڕاستاندنی بۆ نەکرێت لە لایەن لیژنەی یاساییەوە[٦].

٨- پێویستە ڕاپۆرتی ڕاستێندراوی لیژنەی تایبەت لەماوەی (٤٨)کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم لەلایەن جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ تەواوی ئەندامانی پەرلەمان دەستەبەر بکرێت[٧].

* بەو پێیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکانی پەرلەمانی کردۆتە سێ دانیشتن واتا دوای خوێندنەوەی یەکەم و نووسینی ڕاپۆرت پاشان دەچێتە قۆناغی دووەم کە خوێندنەوەی دووەمە و لەدواتردا لەدانیشتنێکی جیاوازدا کە بەدانیشتنی دەنگدان ناسراوە دەنگدان لەسەری دەکرێت و بە دانیشتنی سێیەم  ناوزەد دەکرێت کە ڕێکارەکانی بەم شێوەیە دەبێت:-

---

[١] ماددەی ٨٣ برگەی یەکەم

[٢] ماددەی ٨٣ برگەی دووەم

[٣] ماددەی ٨٤ برگەی یەکەم

[٤] ماددەی ٨٤ برگەی دووەم

[٥] ماددەی ٨٤ برگەی جوارەم

[٦] ماددەی ٨٥ برگەی یەکەم

[٧] ماددەی ٨٦ لە بەیرەوی ناوخۆ

١- خوێندنەوەی دووەم بۆ هەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا یان بڕیار بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژەکە یان پێشنیازەکە دەست پێدەکات پاشان ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەخرێتە ڕوو[١].

٢- ئەگەر داڕشتنی نویێ بۆ پرۆژەکە پێشنیار کرا جیاواز بوو لە پرۆژە بنەڕەتیەکە ئەوا هەردووکیان دەخرێنە دەنگدانەوە و بە بنەما وەرگرتنی هەریەکێکیان یەکلا دەکرێتەوە[٢].

٣- لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازەکە ناکرێت[٣].

٤- دانیشتنی دەنگدان لە سەر پرۆژە یان پێشنیازەکە نابێت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات[٤].

٥- ئەندامی پەرلەمان لە ماوەی نێوان دوو دانیشتنەکە دەتوانێت داوای بینینی داڕشتنەوەی کۆتایی دەقەکە لە جێگری دووەم و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات[٥].

٦- دەنگدان لەسەر ناوی یاسا یان بڕیارەکە دەست پێ دەکات دواتر یەکە بەیەکەی ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لەسەر هۆیەکانی دەرچواند و دواجار گشت یاسا یان بڕیارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت[٦].

٧- پەرلەمان بە دەنگدانی ئەندامانی دەتوانێت پرۆژە یان بڕیاری تایبەت سیفەتی(خەسلەتی بەپەلە)ی پیێ بدات لەم حالەتانەدا[٧]:

أ- بودجە و ئیعتماداتی زێدەکی و ژمێرەی کۆتایی.

ب- هەر بابەتێکی تری بەپەلە.

٨- یاسا وبڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگی ژمارەی ئامادەبووان پەسەند دەکرێن، جگە لەو حالەتانەی پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە[٨].

٩- سەرۆکی پەرلەمان بەپیێ ی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بەڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوە لەسەر یاسا و بڕیارەکان ڕادەگەنێت[٩].

---

[١] ماددەی ٨٧ برکەی یەکەم

[٢] ماددەی ٨٧برکەی دووەم

[٣] ماددەی ٨٩برکەی یەکەم

[٤] ماددەی ٩٠ برکەی یەکەم

[٥] ماددەی ٩٠ برکەی دووەم

[٦] ماددەی ٩١ برکەی یەکەم

[٧] ماددەی ٩٢ لە بەیرەودا

[٨٨] ماددەی ٩٣ برکەی یەکەم

[٩] ماددەی ٩٣ برکەی دووەم

١٠– پێویستە یاسا و بڕیارەکان لە ماوەی(١٥) ڕۆژدا لەڕێکەوتی پەسەند کردنیانەوە بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە مەبەستی دەرچواندنیان[١].

١١– ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی(١٥)ڕۆژدا یاسا یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێکی ڕەتکردەوە، لەو کاتەدا دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥)ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنوسێت پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواو کردنیدا ڕاپۆرتەکە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان وبڕیاری پەرلەمان لەو بارەیەوە یەکلا کەرەوە دەبێت، وە بەدەنگی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێداگیری لە بارەوە دەکرێت و ئەم جارە ڕای پەرلەمان ڕەت ناکرێتەوە[٢].

١٢– لە حاڵەتی هەبوونی گومان لەسەر دەنگدان لانی کەم (٥)ئەندام داوای دووبارە کردنەوەی دەنگدانیان کرد، دەبێت دەنگدانەکە دووبارە بکرێتەوە[٣].

- شێوازی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یان پێشنیازی یاسا لە خوێندنەوەی دووەم دا:

١– هەر ئەندامێك ناوی تۆمار کرا دەتوانێت لەسەر هەر ماددەیەك تەنها یەك جار بدوێت و تەنها(٢)خولەکیش بخایەنێت.

٢– وەزیری پەیوەندیداریش دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە بێت وە دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە(٢)خولەك بدوێت.

٣– لیژنەی تایبەتمەند سەرجەم پێشنیاز و رایەکان بەهەند وەردەگرێت و سەر لەنوێ دارشتنەوە بۆ ئەو ماددانە دەکەن و ئەگەر پێویستیشی کرد ڕوونکردنەوە دەدەن.

٤– لە دانیشتنی دەنگدان رێ بە گفتوگۆ یان پێشکەش کردنی پێشنیازی تازە نادرێت.

٥– لەکاتی بوونی زیاتر لەیەك پێشنیار هەموو پێشنیارەکان دەخرێتە دەنگدان، کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بەپەسەندکراو دادەنرێت.

٦– لە خستنە دەنگدانی ڕایەکان پێویستە کە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان لانی کەم (٣) ئەندام پشتگیری بکات.

---

[١] ماددەی ٩٤ لە بەیرەودا

[٢] ماددەی ٩٥ برکەی یەکەم

[٣] ماددەی ٩٦ لە بەیرەودا

٧- لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە و پێشنیازی یاسا و بڕیارێك ئەگەر ڕای جیاواز سەبارەت بەپەسەند کردن دروست بوو ئەوا ئەولەویەت لە دەنگدان بە پیێ ی ئەم ڕێزبەندیە دەبێت[١] :-

أ- پێشنیازی ڕەت کردنەوە پرۆژە یان پێشنیاز.

ب- پێشنیازی گەڕانەوەی پرۆژە یان پێشنیاز.

ج- گەڕاندنەوەی پرۆژە بۆ لیژنەی تایبەتمەند.

د- پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی تر.

---

[١] ماددەی ٩٧ لە پەیرەوی ناوخۆ

**سەرچاوە:**

کتێب:


١. **د.افين خالد عبدالرحمن ، المركز القانوني لعضو البرلمان ، الناشر المركز العربي للنشر و التوزيع مصر،٢٠١٧ الطبعة الاولى**
٢. **وسيم حسام الدين احمد، برلمانات العالم العربية والاجنبية، منشورات الحلبي الحقوقية بيروت، الطبعة الاولى ٢٠١٠.**
٣. **د.دانا عبدالكريم سعيد ، دور البرلمان في الانظمة البرلمانية المعاصرة ،منشورات الحلبي الحقوقية بيروت ،الطبعة الاولى ٢٠١٣**
٤. **د.بەختیار غفور باڵەکی، پەرلەمان و کاری پەرلەمانی ،لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ساڵی ٢٠١٣**
٥. **د.رافد خلف هاشم البهادلي و د.عثمان سلمان غيلان العبودي ، التشريع بين الصناعة والصياغة ،منشورات الحلبي الحقوقية ،الطبعة الاولى ٢٠١٢**
٦. **د.بەختیار غفور باڵەکی،الوضائف غير التشريعية للبرلمان ، چاپی هەولێر ٢٠١٤**
٧. **د.عبدالقادر الشيخلي ،فن الصياغة القانونية ، الناشر مكتبة الثقافة للنشر و التوزيع عمان الطبعة الاولى ١٩٩٥**

ڕێبەرەکان:

١. **کيف يعمل النائب ،بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی NDI بەیروت ،٢٠٠٦ .**
٢. **دليل الصياغة التشريعية ،منشورات مجلس النواب العراقي، بغداد ٢٠١٤**
٣. **ڕێبەری پەرلەمانتاران بۆ مافەکانی مرۆڤ ، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی یۆنامی ٢٠٠٥**
٤. **ڕێبەری ڕاگەیاندن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بڵاوکراوەی ڕێکخراوی IRI ٢٠٠٦**
٥. **دليل ارشادي للمشرعين ،بەبێ ناوی نوسەر و ساڵی چاپ .**
٦. **دليل مجلس النواب العراقي ٢٠١٠-٢٠١٤،بڵاوکراوەی ناوەندی هەویە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی ساڵی ٢٠١١**
٧. **دليل سير العمل في جلسات مجلس النواب،اعداد مكتب النائب الاول لرئيس مجلس النواب العراقي بغداد سنة ٢٠٠٨**
٨. **دليل الممارسات البرلمانية،كتيب ارشادي ،منشورات منظمة الامم المتحدة و الاتحاد البرلماني الدولي ،بەبێ ساڵی چاپ**
٩. **دليل التشريع للمحافظات العراقية / ئامادەکردنی ڕیکخراوی USAID بۆ عێراق چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١١**

١٠. دليل الصياغة التشريعية ، ئامادةكردنی غازي ابراهيم الجنابي ، بەبێ ساڵ و شوينی چاپ .
١١. دليل العمل البرلماني في الاردن ، ئامادەكردنی معاز المومنی و كەسانی تر ،دامەزراوەی فريدريش ايبريت ،عمان ٢٠١٧
١٢. دليل الصياغة التشريعة في اقليم كوردستان ،تاليف الدكتور هادی علي و الدكتور مازن ليلو ، من منشورات مجلس شوری الاقليم سنة ٢٠١٨

ياساكان:

١- دەستوری كۆماری عێراق ٢٠٠٥
٢- ياسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژ/١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو
٣- پەيڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی كوردستان ٢٠١٨
٤- النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي
٥- ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی كوردستان ٢٠٠٩